وازی لێ بهێنن (لەو جۆرە بانگەوازییە)، چونکە شتێکی قێزەونە

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزایان خوایان لێبێت- دەڵێت: ئێمە لە جەنگێدا بووین و پیاوێک لە موهاجیرەکان بە دەستەکانی دای لە پشتی لە پیاوێکی ئەنساڕی، پیاوە ئەنساڕییەکە هاواری کرد: ئەی ئەنساڕەکان (بە هانامەوە وەرن)!، پیاوە موهاجیرەکەیش هاواری کرد: ئەی موهاجیرەکان (بە هانامەوە وەرن)!، کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- گوێی لەمە بوو؛ فەرمووی: «ئەوە چییە؟» ووتیان: پیاوێک لە موهاجیرەکان بە دەستەکانی دای لە پشتی پیاوێکی ئەنساڕی، لەسەر ئەوە ئەنساڕییەکە ووتی: ئەی ئەنساڕەکان! و موهاجیرەکەیش ووتی: ئەی موهاجیرەکان!، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «وازی لێ بهێنن (لەو جۆرە بانگەوازییە)، چونکە شتێکی قێزەونە»، جابر دەڵێت: ژمارەی ئەنساڕەکان زیاتر بوو (لە ژمارەی موهاجیرەکان) لەو کاتەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ مەدینە، بەڵام دواتر ژمارەی موهاجیرەکان زیادی کرد، عبد الله ی کوڕی ئوبەی (سەرگەورەی دووڕووەکان) ووتی: ئایا ئەوان (موهاجیرەکان) وایان کردووە؟ سوێند بە خوا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەدینە، بێگومان، بەڕێزترینەکە زەلیلترینەکە لەوێ دەردەکات، عومەری کوڕی خەتاب ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ڕێگەم بدە بۆ ئەوەی سەری ئەم دووڕووە بپەڕێنم، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «وازی لێ بهێنە، نەوەک خەڵکی بڵێن موحەممەد هاوەڵەکانی خۆی دەکوژێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە گەشتێکدا بوو بۆ جەنگێك و هاوەڵانی لەگەڵدا بوو لە موهاجیر و ئەنساڕەکان -ڕەزای خوایان لێبێت-، پیاوێک لە موهاجیرەکان بە دەستی خۆی لە پشتی پیاوێکی دا لە ئەنساڕەکان. ئەنساڕیەکە ووتی: بە هانامەوە بێن ئەی ئەنساڕەکان! و موهاجیرەکە ووتی: بە هانامەوە بێن ئەی موهاجیرەکان! پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- گوێی لێیان بوو، فەرمووی: ئەوە چییە؟ ووتیان: پیاوێک لە موهاجیرەکان بە دەستی خۆی لە پشتی پیاوێکی دا لە ئەنساڕەکان، ئەنساڕیەکە ووتی: بە هانامەوە بێن ئەی ئەنساڕەکان، و موهاجیرەکە ووتی: بە هانامەوە بێن ئەی موهاجیرەکان. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: واز بێنن لەم خووە نەفامی و جاهیلیە، چونکە بێزراو و ناشیرین و ئازاردەرە، ئەویش ئەوە بوو ئەگەر پیاوێك دوژمنەکەی زاڵ بووایە بەسەریدا؛ بانگی هۆزەکەی دەکرد و ئەوانیش دەستبەجێ دەهاتن بۆ سەرخستنی، ئینجا ئەگەر ستەمکار بووایە یان ستەملێکراو؛ ئەمیش بەهۆی نەفامی و دەمارگیریانەوە. جابر دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ مەدینە ئەنساڕەکان زۆرتر بوون لە موهاجیرەکان، پاشان ژمارەی موهاجیرەکان زیادی کرد. سەرۆکی دووڕووەکان؛ عبد الله ی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول، ووتی: ئایا کار گەیشتووەتە ئەم ڕادەیە؟! سوێند بە خودا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەدینە، ئەوا بەهێزەکان (مەبەستی خۆی و ئەوانەیە کە لەگەڵیدا بوون) لاوازەکان لە مەدینە دەردەکەن (مەبەستی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون). عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ڕێگەم بدە ئەی پێغەمبەری خودا؛ بدەم لە گەردنی ئەم دووڕووە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: وازی لێبێنە، با خەڵکی نەڵێن موحەممەد شوێنکەوتووانی خۆی دەکوژێت؛ تەنانەت ئەگەر لە ڕووالەتیشدا بێت چونکە خەڵکی لە ڕووالەتدا وا تێدەگەن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65783